# زانكۆ:سەلاحەدين

# كۆلێژ:ئاداب

# بەش:راگەياندن

# بابەت :تيۆريەكانى راگەياندن

# پەرتوكى كۆرس بووك ( سالى: 2 ) ( سمستەرى يەكەم )

## مامۆستاى بابەت: پ.ى.د.صادق حمەغريب حمەصالح

## سالّى خوێندن: 2023-2024

پەرتووکی کۆرس

**Course Book**

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | **کۆرسی یەکەم و دووەم** |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | **پ.ی.د.صادق حمەغریب حمەصالح** |
| 3. بەش/ کۆلێژ | **راگەیاندن** |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:sadiq.hamahsalh@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن :07501069767 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 2<br>پراکتیک: |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br>**دوو کاتژمێر** |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | **-ئەندامی بۆردی ئەکادیمیای راگەیاندن بۆ توێژینەوەی زانستی.**<br><br>**-ئەندامی کارای سەندیکاری رۆژمامەنوسانی کوردستان.**<br><br>**-,سەرۆکی ریکخراوی ( مەلتی میدیا بۆ گەشە پێدانی میدیای ئەلیکترۆنی ).**<br><br>**-خاوەنی زیاتر لە 30سالّ پێشینەی کاری رۆژنامەگەری.**<br><br>**-ئەندامی لیژنەی یونسکۆ بووم بۆ گەشە پێدان و دانانی پرۆگرامی خوێندنی راگەیاندن لە کوردستان و عیراق.**<br><br>**سالّی 2003-2004بروانامەی بەکالۆریۆسی راگەیاندنم لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە.**<br><br>**-سالّی 2007-2008بڕوانامەی ماستەرم لە راگەیاندن لە کۆلێژی راگەیادنی زانکۆی بەغداد بەدەستهێناوە.**<br><br>**-بروانامەی دوکتۆرام بە سیستمی سپلێت سایت لە سالّی 2017بەدەستهێناوە لە بواری راگەیاندندا.**<br><br>**-دووکتێبی چاپکراوم هەیە (ستراتیژیەتی راگەیاندن بۆ رووبەڕووبوونەوەی** |

| | |
|---|---|
| | گەندەڵی )و( رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی ),دوو توێژینەوەو چەندین بابەتی ئەکادیمیم بلاوکراونەتەوە.لە ساڵی 2009ەوە لە بەشی راگەیادنی زانکۆی سەلاحەدین خەریکی وانە وتنەوەم.<br><br>-بەشێوەی قسەکەر یان بەشدار, ئامادەی زۆربەی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی تاییەت بە بواری راگەەیاندن بووم.<br><br>-دەیان نوسین و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیم لە میدیای کوردیەوە بڵاوکراونەتەوە.<br><br>-چەند توێژینەوەیەکم لە بوارە جیاوازەکانی راگەیاندندا لە دەرەوەو ناوەوە بڵاوکراونەتەوە. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | تیۆری, تیۆری دەسەڵات, تیۆری لیبراڵی, تیۆری سۆشیالیستی, تیۆری بەرپسیارێتی کۆمەڵایەتی, دەروازەبان, تیۆری راگەیاندن, کاریگەری میدیا, |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**تیۆری راگەیاندن و کارکردنی راگەیاندنی کوردی بنەماکانی حکومڕانی لەجیهاندا لەگەڵ رەورەوەی مێژوودا بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە ئەوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر سیستمی حکومڕانی هەریەک لەدەسەلاتەکانی دادوەری و یاسادانان و جێبەجێکردن**

**راگەیاندیش کە دەسەلات و هێزی چوارەمە، بەگۆڕانکارییەکانی سیستمی حکومڕانی پەیڕەوی لەشێوازو فۆڕمێکی نوێی کارکردن کردووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی لەگەڵ سەردەم و دەسەلاتە جیاوازەکاندا تیۆرەکانی راگەیاندن گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، هەریەک لەو تیۆرانەش لەپشت بنەمایەکی فەلسەفی دیاریکراوەوە کاربکەن، لەسەر ئەو بنەمایەش فۆرمی کارکردنی خۆیان داڕێژن. لێرەدا ئاماژە بەچەند تیۆرێکی دەسەلات دەکرێت، پاشان کارکردنی راگەیاندو رۆژنامەگەریی کوردی بەپێی تیۆرەکان هەڵدەسەنگێنین.**

**پاش بوونی رەخنەی زۆر لەم تیۆریەو دواتر تیۆری لیبراڵی و سۆشیالیستی و بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی سەریانهەڵدا. پاش گەشە کردنی راگەیاندن و تەکنۆلۆجیای گەیاندن، تیۆریەکانی کاریگەری راگەیاندنیش لە هەرسی روگەی نیرەر، پەیام وئامراز، وەرگردا سەریانهەڵدا بە ئامانجی رێکخستنی کاری میدا لە کۆمەڵگەو وڵاتە جیاوازەکاندا..**

**بۆیە گرنگی ئەم وانەیە لە گرنگی سەرهەڵدانی خودی ئەم تیۆریە نوێیەیانەی راگەیاندنەوەیە.**

**گرنگرترینی ئەو تیۆریانەی کە لەم وانەیەدا رۆڵیان هەیە بریتین لە تیۆری کاریگەری راستەوخۆ, تیۆری چاندنی رۆشنبیری, تیۆری پشت بەستن بە ئامڕازەکانی راگەیاندن,تیۆری ئەجێندا ستینگ( بەرجەستەسازی ).**

**خوێندنی ئەم وانەیە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ قوتابیان و رۆژنامەنوسان لە ئایندەدا کە بتوانن بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و لە چوارچێوەی تیۆریە پەیوەندیدارەکانداو, لە دام و دەزگا میدیاییەکاندا کارو چالاکی خۆیان ئەنجام بدەن, چونکە قوتابییەکان زانیاری پێویست لە بارەی بنەما گشتیەکانی چۆنیەتی کارکردنی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆندا بەدەست ئەهێنن.**

11. ئامانجی وانەکە:

ئامانجی ئەم وانەیە پێدانی زانیاریە لە بارەی تیۆریەکانی کاریگەری میدیاوە کە ئەمرو لە دونیادا زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت و لە چوارچێوەی پروگرامی خوێندنی رۆژنامەگەری و راگەیاندنی بەشەکانی راگەیاندن, لە پەیمانگاو زانکۆکانیس تەواوی وڵاتانی جیهاندا پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە, وەك:

1- پیدانی زانیاری بە قوتابیان لە بارەی پێناسەو واتای جۆرە جیاوازەکانی تیۆری راگەیاندنەوە.

2-ئاشنا کردنی قوتابیان بە جۆرو تایبە تمەندیەکانی تیۆریەکانی راگەیاندن.

3- پیدانی زانیاری بە قوتابیان لە بارەی چۆنیەتی کارکردنێکی زانستی راگەیاندن لە کۆمەڵگەو وڵاتە جیاوازەکاندا.

4- پێدانی زانیاری بە قوتابیان لە بارەی تیۆریەکانی پەیوەست بە نێرەر, پەیام و ئامرازو وەرگر.

5- پیدانی زانیاری بە قوتابی لە بارەی تیۆریەکانی راگەیاندنی کوردی و چۆنیەتی کارکردنی لە چوارچێوەی تیۆریەکاندا.

6- پیدانی زانیاری بە قوتابی لە بارەی تیۆریەکانی کاریگەری خێراو مامناوەندو هێواش._

12. ئەرکەکانی قوتابی

1-ئامادەبوون لە وانەکانداو خۆ ئامادە کردن بۆ گفتوگۆ لە لایەن قوتابیەوە پیویستە.

2- پیش ئامادە بوون بۆ هەر وانەیەك پێویستە قوتابی ئاگاداری هەوال و زانیاریە تایبە تمەندەکان بێت.

3- پیویستە قوتابی بەردەوام ئامادە بیت بۆ تاقیکردنەوەی رۆژانە.

4- پیویستە قوتابی لە وانەکاندا کاریگەری ماندویەتی لەسەر نەبیت, چونکە ونەکە وردەو پیویستی بە ئامادەگی جدی هەیە.

5- پیویستە بە پێی پێویست قوتابی زانیاری هەبیت لە سەر وانەی ئاینده کە پێی دەوترێت.

6- پێویستە قوتابی لە کاتی ئامادەنەبوندا بەدواداچونی بۆ وانەکە هەبێت لە بارەیەوە پرسیار لە مامۆستای وانە بکات.

7- پێویستە قوتابی بەردەوام بەدواداچونی هەبێت بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنە تایبە تمەندەکان و خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان دەستنیشان بکات.

8-قوتابی نابێت وانەکان پشت گوێ بخات, چونکە زانیاریەکان وردن و پێویستیان بە خوێندن و تێگەیشتنی زیاتر هەیە.

9- پێویستە قوتابی سەرچاوەی زیاتر بخوێنیچتەوە لە بارەی بابەتەکانەوە.

10- پێویستە قوتابی سل نەکاتەوە لە پرسیار کردن.

13. رێگەی وانە ووتنەوە

وانە وتنەوە بە شێوازی بەشداری پێکردنی قوتابیە, داتاشۆو پاوەر پۆینت لە گەڵ وایت بۆرد بۆ کاتی شرۆڤەی زیاتر بەکاردەهێنرێت. لە گەڵ پیشاندانی وێنەو نمونەی تایبەت بە وانەکەو قسە لە سەرکردنیان.

14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

1- قوتابی بە درێژایی سمستەر, لانی کەم تاقیکردنەوەیەکی 20 نمرەیی ئەنجام دەدات.

2- قوتابی بە درێژایی سمستەر, لانی کەم راپۆرتێکی زانستی ئەنجام دەدات.

3- قوتابی بە درێژایی سمستەر, لانی کەم کویزێك ئەنجام دەدات.

4-ئامادەبوون لە پۆل و چالاکی رۆژانە نمرەی لەسەرە

15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

لە سۆنگەی ئەو بابەتانەوە کە دیاری کراون لە ماوەی دیاریکراودا پێشکەش بە قوتابی بکرێ, ئەتوانین بڵێین کە دەرەنجامی وانەکە, زۆر باش و بەسود ئەبێت:

1-قوتابی زانیاری لە چەمك و پێناسەی تیۆریەکانی راگەیاندنەوە دەستدەکەوێت.

2-قوتابی زانیاری لەبارەی تیۆری دەسەڵاتەوە دەستدەکەوێت و دەتوانێت کە وڵات و میدیای پەیرەوکەری ئەم تیۆریە دیاری بکات.

3- قوتابی زانیاری لەبارەی تیۆری لیراڵیەوە دەستدەکەوێت و دەتوانێت کە وڵات و میدیای پەیرەوکەری ئەم تیۆریە دیاری بکات.

| |
|---|
| 4- قوتابی زانیاری لەبارەی تیۆری شیوعیەوە بەدەستدەهێنێت و دەتوانێت کە وڵات و میدیای پەیڕەوکەری ئەم تیۆریە دیاری بکات.<br>5- قوتابی زانیاری لەبارەی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییەوە بەدەستدەهێنێت و دەتوانێت کە وڵات و میدیای پەیڕەوکەری ئەم تیۆریە دیاری بکات<br>.6-ڕۆژنامەنووس دەزانێت کە میدیای کوردی پەیڕەوکەری لە کام تیۆریە دەکات. |
| 16. لیستی سەرچاوە<br>1-د.حسن عماد المكاوي, د. عاطف عدلي عبد, نظريات الاعلام, 2007م.<br>2- د .عبدالحافظ عولجي صلوي, نظريات التأثير الاعلامية. بدون سنة.<br>د.شريف درويش اللبان,د.مني سعيد الحديدي,فنون الاتصال و الاعلام المتخصص,2009م.<br>2-نسرين حسونة, نظريات الاعلام و الاتصال, 2015م.<br><br>3- سيد محمد مهديزادة, نظريه هاى رسانه: انديشه هاى رايج و ديدگاهاى انتقادى، 2010م.<br>4-د.مى عبدالله، نظريات الاتصال, 2010م.<br>5-د. حسن عيماد المكاوي و د.سامي الشريف, بیردۆزەکانی ڕاگەیاندن, وەرگێڕانی ڕابەر ڕەشید, 2011. |

| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| ناوەرۆکی وانەکە بە گشتی پێك دێت لە :<br>هەفتەی یەکەم: چەمك و پێناسەی تیۆری.-تیۆری دەسەڵات,<br>هەفتەی دووهەم:-تیۆری لیبراڵی.<br>هەفتەی سێهەم:-تیۆری سۆشیالیستی.<br>هەفتەی چوارەم و پێنجەم--تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی.<br>هەفتەی شەشەم -تیۆری گولەی سیحری.<br>هەفتەی حەوتەم -دەرگاوانی میدیایی.<br>هەفتەی هەشتەم -تیۆری دانانی کارنامەی میدیایی.<br>هەفتەی نۆیەم -تیۆری چوارچێوەی هەواڵیی.<br>هەفتەی دەیەم و یازدەهەم -تیۆری بەکارهێنان و تێربوون. | 2023-9-10<br>یەکەم وانە دەستی پێکردووە و بشوەکانی لێدەربچێت بەردەوام دەبێت |

| | |
|---|---|
| **هەفتەی دوازدەهەم -تیۆری بەرجەستەکردن.**<br><br>**هەفتەی سێزدەهەم-تیۆری لولپێچی بێدەنگ.**<br><br>**هەفتەی چواردەهەم -تیۆری چاندنی رۆشنبیری.**<br><br>**هەفتەی پانزەهەم -تیۆری بۆشایی زانین.**<br><br>**تێبینی : بە پێی پێویست ریزبەندیەکە گۆرانکاری بەسەردا دێت.** | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| **ئەگەرچی وانەکە کاتی پراکتیکی نییە بەلاَم بە پێی کات و پێویست بۆ هەر وانەیەك بە شێوەی شیکاری قسە لە سەر رادیو تەلەفزیۆنی تایبە تمەند دەکرێت و نموونەی پێویست لەو بارەیەوە پێشکەش دەکرێت.** | **مامۆستای وانە بە پێی پێویست لێپرسینەوەو کویز ئە نجام ئەدات** |

19. تاقیکردنەوەکان

1. دارشتن: لەم جۆرەتاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

2. راست وچەوت: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

3. بژاردەی زۆر: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

20. تێبینی تر
لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

21. پێداچوونەوەی هاوەڵ
ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.